

# جلال الدین الرومی

# چەند باسێك دەربارەی

# جلال الدين الرومي

# و الشمس التبريزي

نووسینی

د. إحسان برهان الدين

# پێشەکی

الحمد لله والصلاة والسلام على محمد خير خلق الله و على آله و صحبه ومن والاه وبعد:

ئەم کورتە باسانە بریتین لە چەند بابەتێکی تایبەت بە دوو کەسایەتی ناودار لە مێژووی ئیسلامدا کە بیروبۆچوونەکانیان لە جیهاندا بەگشتی و لەناو کورددا بە تایبەتی دەنگدانەوەی هەیە، ئەویش جلال الدين الرومي و الشمس التبريزي یە، لێرەدا هەوڵمداوە نووسینەکانم بە پلەی یەکەم وەکو ناساندنی کەسایەتی و بیروباوەرەکانی ئەوان بێت ، بە تایبەتیش ناساندنی کتێبی (المثنوي) کە زۆربەی گومراییەکانی جەلالی تێدایە .هەروەها مەبەستیش بووە بەلامەوە کە تیشك بخەمە سەر ئەو بیروباوەڕانەیان کە لەگەڵ عەقیدەو بیروباوەری کیتاب و سوننەتدا زۆر جیاوازن و لەگەڵ مەنهەجی ئەهلی سوننەتدا ناکۆك ودژوارن، چونکە ئەوان هەرگیز ئەوەیان نەشاردووەتەوە کە لەسەر مەنهەج و تێگەیشتنی ابن عربي بوونە کە ئەو جیاوازی لە نێوان الله و بەندەکانیدا ناکات و لە بوونەوەردا جگە لە الله باوەری بە بوونی ڕاستەقینەی هیچ بوونەوەرێکی تر نییە و ئەو عەقیدەیەش کارەساتی گەلێك زۆر لە خۆ دەگرێت. کە بوو بە مایەی گومرا کردنی خەڵکانێك زۆر لە درێژایی مێژوودا و ئەمڕۆش میللەتی کورد بە پلانێك و بە ئامانجی گوماناوی کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو فیکر و بیروباوەڕە گومڕایانەی ابن عەرەبی و جەلالی ڕۆمی و شەمسی تەبرێزی.

بۆیە ئەم چەند کورتە بابەتە بەمەبەستی ئاگادار کردنەوەی موسوڵمانان لەو بیرۆکە ناکۆکە لەگەڵ عەقیدەی ئیسلامیدا نووسراوە، داواکارم الله عزوجل پاداشتی نووسەر و خوێنەر و دیزاینەر و هەرکەسێك بداتەوە لەسەر ئاسان کردنی گەیاندنی بە مووسوڵمانان.

والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات.

# جلال الدين الرومي

ناوی موحەممەدی کوری موحەممەدی کوڕی حوسەینی کوری بەهائەددینی بەلخییە ، بەڵام ناوبانگی بە مولانا جلال الدين الرومی دەرکردووە ، لە ساڵی 1207 زاینی- 604 کۆچی لە ناوچەی بلخ لە ئەفغانستان لە دایکبووەو لە ساڵی 1273ز- 672 ك لە شاری قونیە لە تورکیا وەفاتی کردووە.

شاعیرێکی بەتوانا بووە، هەروەها لە فیقهی مەزهەبی حەنەفی و زانستەکانی تر دا شارەزا بووە ، دوا قۆناغی ژیانی خۆی بۆ تەسەووف یەکلا کردووەتەوەو کتێبێکی بە ناوبانگی هەیە لەو بارەوە بە ناونیشانی مەسنەوی کە بریتیە لە کۆمەڵە هۆنراوەیەك لە لای موریدەکانی بە (الكتاب المقدس) ی تصوف پێناسە دەکرێ ،هەروەها جلال الدين سەرۆکایەتی ڕێبازێکی تەریقەتەتیشی کردووە پێی دەوترێ تەریقەتی مەولەوی.

لە تەمەنی چوار ساڵیدا لە گەڵ باوکی چووەتە بەغدا و بۆ ماوەیەك لەوێ بوونە و دواتر کۆچیان کردووە بۆ زۆر شوێن و وڵات و دواجار بە بانگهێشتی سوڵتانی سەلاجیقەکان لە قۆنیە جێگیر بوون ، لەوێ جلال الدين بۆ ماوەی چوار ساڵ سەرقاڵی وانەوتنەوە و کتێب نووسین بووە، بەڵام لەدەوروبەری ساڵی 642 کۆچی گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانیدا درووست بووە ، ئیدی لەو ڕۆژەوە وازی لە دونیا هێنا و دەستی کرد بە نووسینی شیعری تەسەووف و گرنگیدان بە وێرد و گوێگرتن لە

مۆسیقا وەکو ڕێگایەك بۆ بە هێزکردنی لایەنی ڕوحی خۆی و هاوکات گەیشتنی خۆی و گەیاندنی موریدەکانی بە خوا، بەتایبەتی لە پاش کوژرانی هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستی کە سۆفییەکە بە گومڕایی بە ناوبانگ بوو کە ئەویش شەمسی تەبرێزی دەناسرێ، مردنی شەمس وەرچەرخانێکی گەورەی لە ژیانی جلال الدین دا درووست کرد، ئینجا ئەو بە جارێك لە تصوف دا ڕۆچوو، بەڵام بە واتا خراپەکەی تصوف کە بواری هیچ پینە و پاساو بۆ هێنانەوەیەکی بۆ نەهێشت و لە گومڕاییدا بە تەواوی ڕۆچوو!

بەرهەمەکانی جەلالی ڕۆمی بە گشتی بریتین لە: (الرباعيات ، ديوان الغزل ، مجلدات المثنوي الستة ، المجالس السبعة ، رسائل المنبر، فيه ما فيه...) کە بەگشتی بە فارسی نووسراون و لە بازنەی باسەکانی تەسەووفدا دەخولێنەوە.

بەرهەمەکانی جەلالی ڕۆمی بۆ زۆرێك لە زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراوەو لەبەر بیروباوەڕەکانی ئەو دەربارەی کاریگەری مۆسیقا وسەما کردن ، گۆرانی بێژەکانی ئەوروپا و ئەمریکا وەکو (مادۆنا) کردوویانە بە گۆرانی.

بە ناوبانگترین و گوماناویترین کتێبەکانی بریتین لە (المثنوي) کە لایەن (محمد عبد السلام كفافي ) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی ، تێیدا بە ڕوونی دەڵێت کە ئەم کتێبەی لە لایەن خواوە بە ئیلهام بۆ هاتووە ، خۆیشی لە ڕاستیدا بە گشتی لە بەسەرهاتەکانی کتێبی (كليلة و دمنة) و بیروباوەڕەکانی بیردۆزەی (وحدة الوجود) و بیروبۆچوونەکانی الحلاج و ابن عربي و السهروردي و کەسانی هاوشێوەی ئەوانی

تێدایە و لەوانی وەرگرتووە ، بەڵام بە دەربڕین و هەندێ تایبەتمەندی خۆی دەیانخاتە ڕوو!

جلال الدين الرومي کە لەناو کورددا بە مەولانا باوبانگی دەرکردووە ولەڕاستیشدا نادرووستە مەولانای پێ بوترێت! ئەگەرچی بانگەشەی پیغەمبەرایەتی نەکرووە بەڵام وەسفی کتێبەکەی خۆی کردووە بەوەی کە (لا يأتيه الباطل من بين يديه ولا من خلفه) کە ئەوە تەنها سیفەتی قورئانی پیرۆزە و بە ڕاشکاویش دەڵێت مەسنەوی ئیلهامەو لە لای خواوە بۆم هاتووە.

جلال الدين الرومی هەموو لادان وشەتەحات و گومڕایی و وتەپێچەوانەکانی هەندێك ئەهلی تەسووفی لە خۆیدا بە زیاد کۆکردبوویە ، ئەو هیچ وتەیەکی پیچەوانەی شەرعی لەلای لادەرانی وەکو حلاج و ابن عربي و الشمس التبريزي والسهروردي و هاوشێوەکانیان نەبووە لای خۆی بەرجەستەی نەکردبێت، بۆ نموونە:

-1سوجدەی بۆ براوەو خۆیشی سوجدەی نەك بۆ موسوڵمان بەڵکو بۆ گاور و جولەکەش بردووە.

-2باوەڕی بە هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئاییەنەکاندا نەبووە و هەر هەمووی بەڕاست و بە حەق زانیوە، بەڵکو کاتێك جولەکەیەك پرسیاری لێ دەکات دینەکەی من باشترە یان دینەکەی تۆ؟ پێی دەڵێت دینەکەی تۆ.

-3مۆسیقا و سەماکردن و خولانەوەی موریدی بەدەورەی خۆیدا بە چاکترین ڕێگا داناوە بۆ عیبادەت و الله پەرستن.

-4به پاساوی جۆراجۆرەوە، سنوورەکانی ڕەوشتیشی بە ناو زیکر و فەناء و وحدە الوجود و وحدة الشهود بە شێوەیەك بەزاندووە ناگونجێت و نەشیاوە بە راشکاوی باسی لێوە بکرێت.

-5لە زۆر جێگەی مەسنەوییەکەیدا جیاوازی لە نێوان خالق و مەخلوق دا ناکات ،باسی خۆشەویستی خواو عەشقی خوا بە شێوازێك دەکات هەرگیز لە گەڵ مەزنی پەروەردگاردا ناگونجێت، کوت ومت وەکو ئەوەی باسی ئافرەتیك بکات وایە.

-6وەسفی الله بە دەریا دەکات  و بوونەوەریش بە شەپۆلەکانی.

-7کتێبەکانی لێوان لێون لە وتەی ناڕوون و واتای خراپ کە جگە لە تەفسیری خراپ نەبێت هیچی تر هەڵناگرێت.

-8جاروباریش هەندێ قسەو شیعری هەیە خەڵکی سادەی پێ دەخەڵەتێت وەکو خۆڵ لە چاوکردن دەربارەی بیروباوەڕە تێکگیراوەکانی لە گەڵ بیروباوەڕی ئیسلامیدا.

-9سەرباری هەموو بیروباوەرە ناکۆکەکانی لە گەڵ بیروباوەڕی ئەهلی سوننەتدا ، کەسێکی بە کرێگرتە بووە بۆ مەغۆلەکان و وەسفی جەنگیزخانی وەکو پێغەمبەرێك کردووە ، هەندێ لە سەرکردە سەربارزییەکانی ئەوانیشی بە ئەولیا وەسف کردووە ، کاتێکیش عەلائی کوڕی لە شەڕی دژ بە مەغۆلەکان دەکوژرێت ئەو ڕازی نابێت نوێژی لەسەر بکات!

وەکو شاعیرێکی بە ناو بانگ و بە تواناش یەك کۆپلە شیعری نییە باس لە کارەساتی هاتنی مەغولەکان و ئەو ڕەشە کوژییەی ئەوان لە بەغدا و شوێنەکانی تر بکات، ئەمە

له کاتیکدایه که شاعیری بەناوبانگ سەعدی شیرازی بە عەرەبی و فارسی یش لەو بارەوە شیعری هەیە، بۆ نموونە قەسیدەی (الرائیة) کە تێیدا وتوویەتی:

نسيمُ صَبا بغدادَ بعدَ خَرابِها *** تَمَنّيتُ لو كانتْ تَمُرُّ على قبري

-10هەر کام لە کتێبەکانی جلال الدین الرومي بخوێنیتەوە ئەو ڕاستیەت بۆ دەردەکەوێت کە ئەو زیندووکەرەوەو میراتگری هەموو گومڕاکانی پێش خۆی بووە لەلادەرەکانی وەکو الحلاج و ابن عربي و سوهرەوەردی.

ئەمانەش کە ئاماژەی بۆ کرا و زۆر لەوەش زیاتر لە خودی کتێبەکانیدا هاتووەو لەلای ئەو مێژووناسەش کە خۆیان بە موریدی ئەو زانیوە بۆ نموونە

(الأفلاکی) وەکو مناقب و شانازی باس کراون و جێگای گومان نین.

سەبارەت بە بۆچوونی پیاوێکی بەڕێز وەکو (أبو الحسن الندوي) کە لە نێو کتێبی (رجال الفکر والدعوة) باسی کردووە بێگومان هەڵەیەکی زۆر گەورەی کردووە بە هەرچی پاساوێك بووبێت ، چونکە گومرایی جلال الدین الرومي و لادانەکانی لە هێڵە پانەکانی ئیسلام لەوە ئاشکراترە لەکەس شاراوە بێت چجای لە ئەبو لحەسەنی نەدەوی ، زۆریش جێگای سەرسوڕمانە ئەو پیاوەی کە (ماذا خسر العالم) و کتێبە ناوازەکانی تری نووسیوە، کەسێکی لادەری وەکو جەلالی ڕۆمی بە چاکسازو بانگخواز بزانێت.

پێویستیشە وەکو بەرچاوڕوونییەك بۆ موسوڵمانی کورد کە زانیاری ناڕاستی زۆر لەسەر جەلالی ڕۆمی پێ وتراوە، کتێبێکی وەکو ( أخبار جلال الدین الرومي)ی أبو

الفضل القونوي وەرگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی بۆ ئەوەی ڕاستیەکان دەربارەی ئەو کەسایەتییە بزانێت وچیدی خۆڵی لەچاو نەکرێت، هیچ نەبێت بۆ ئەوەی ئەم شاڵاوی بریقەدارکردن و لە خۆڕاو بێ بنەمای زانستی جوان کردنەی جەلالی ڕۆمی کە مەبەستی جۆراوجۆری لە پشتە بزانرێت کە پێچەوانەی بنەماکانی بیروباوەڕی ئیسلامە ئیتر دوای ئەوە هەرکێ ئازادە چۆن تەماشای ئەو پیاوە بکات.

ئەگەرچی هەرکەسێکی باش کە ستایشی جەلالی ڕۆمی کردبێت جێگای سەرسوڕمانەو وگومان ئەبرێت حەقیقەتی ئەوی نەزانیبێت یان نەیتوانیبێت بەناو هەزاران هۆنراوەی ئەو لەمەسنەویدا بکۆڵێتەوە و لەگەڵ عامێ چوونەتە شامێ، بەڵام هاوکات جێگای تێڕامان و ئاماژە بۆ کردنیشە کە جەلالی ڕۆمی بووەتە جیگای ڕێزو و بەرگری لێکردنی هەموو ئەوانەی چاویان بە ئیسلامدا هەڵنایەت لە نەسرانی و عەلمانی و هەموو تاقم و تایەفەیەك کە ئیسلامی قبوڵ نییە بەڵام ئەوی قبوڵە!

هەروەها هەموو ئەوانەی کە لادانی فیکری و بیروباوەڕیان هەیە ، تەنانەت لە ڕۆژئاوادا ئەو پەڕی بایەخ بە بەرهەمەکانی دەدەن و گۆرانی بێژەکانی ڕاپ شیعر و هۆنراوەکانی دەکەنە گۆرانی ، ئایا ئەگەر نوێنەرایەتی حەقیقەتی ئیسلامی بکردایە هیچ بایەخێکی پێدەدرا؟.

لە کۆتاییدا پێویستە بوترێت جێگای نکۆڵی کردن نییە کە جلال الدین شاعیرێکی گەورە وبەتوانا بووە ، وتەکانی پڕ مەعنا و خۆش و کاریگەر بوونە ، هاوکات بەدەر لە قسە خراپ و ناکۆکەکانی لە گەڵ عەقیدە و شەریعەتی ئیسلامدا لەولاشەوە قسەی باش و گونجاویشی لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا هەیە ، بەڵام عیبرەت بەو هەموو

لادان و هەڵە گەورانەیەتی کە لە ڕێبازی هەموو زانایانی ئیسلام لایداوەو پێچەوانەیان بووە لە کردارو گوفتاریدا.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

-(الأعلام) خير الدين للزركلي.

-(أخبار جلال الدين الرومي) ، أبو الفضل القونوي.

-چەند بابەتێکی تایبەت بە ئەو  لە سایتەکانی (ملتقى أهل الحديث) و(صيد الفوائد) و(ویکیبیدیا) کە ئەوانیش زیاتر لە کتیبەکەی أخبار جلال الدين الرومي و کتێبەکەی الأفلاكي سوودیان بینیوە.

# پێناسەیەك بۆ دیوانی
# مەسنەوی جەلالی ڕۆمی



# پێناسەیەك بۆ كتێبی مەسنەوی جەلالی ڕۆمی

دیوانێكی شیعری گەورەیە لە  لەلایەن جلال الدین الرومي بە زمانی فارسی نووسراوە ، بریتیە لە شەش بەرگ كە پێكهاتووە لە 25632 دێڕ – بیت – ، جەلالی ڕۆمی لە پاش تەمەنی پەنجا ساڵی دەستی كرد بە نووسینی ئەم دیوانە ، دوو ڕیوایەت هەیە دەربارەی هۆكاری نووسینی، واتە: بە دوو شێوە باس دەكرێت :

یەكەمیان حسام الدین ی قوتابی و موریدی جلال الدین الرومي دەیگێڕێتەوە، گوایە بە مەبەستی ئەوەی خەڵكی لە كاتی گەشت و گوزار و بارودۆخی تریان لێی بەهرەمەند بن و لەگەڵ ئاوازو مۆسیقادا گوێبیستی بن.

دووەم ڕیوایەتیش (ابن بطوطة) دەیگێڕێتەوە كە گوایە جارێكیان شێخ لە بازنەی قوتابیەكانیدا بووە حەلوا فرۆشێك هاتووەتە ژوورەوەو پارچە حەڵوایەكی داوەتە شێخ و بەوانی تری نەداوە، شێخ یش خواردوویەتی و دەرچووە ئیتر چەند ساڵێك نەهاتووەتەوە بۆ لای قوتابیەكانی، كاتێكش گەڕاوەتەوە تەنها بە شیعر قسەی كردووەوبەم شێوە مەسنەوی درووست بووە.

مەعنای مەسنەوی ئەوەیە هەردوو بەیت شیعر لەو دیوانەدا قافیەیەکی سەربەخۆی هەیە ، شیعرەکانی زۆر جار باسی بیرۆکەی (حلول) ی حەلاج دەکەن ،یان (الاتحاد)ی ئیبنوعەرەبی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، واتە ئەو بڕوایەی کە دەڵێن اللە عزوجل لە ناو هەموو شتێك و لە نێو هەموو کەسێکدا بوونی هەیە ! زیاتریش مەبەستیان لە ئینسانە بە پلەی یەکەم کە اللە تعالی لە نێو ئینسانەکاندا بوونی هەیە.

بە کورتی مەسنەوی بە شێوەیەك لە شێوەکان باسی بیرۆکە نامۆکانی تصوف دەکات کە سەرتاپای لە گەڵ عەقیدەی ئیسلامدا پێچەوانەیە! سەردەمانێك لە تورکیا هەندێ شوێن درووست دەکران وەکو تەکیە پێیان دەوترا (مثنوي خانات) بۆ وتنەوەی دێڕەکانی ئەو شیعرانەی مەسنەوی! بە هەمان شێوە لە هندستان و شوێنانی تریش بە تایبەتی لەسەردەمی عوسمانیەکاندا لە قورئان زیاتر گرنگی پێدەدرا!

ئەم کتێبە بە تورکی و بە عەرەبی وەرگێڕان و شەرحی زۆری لەسەر کراوە، هەر لە دێر زەمانەوە ڕۆژهەڵاتناسەکان گرنگی زۆریان پێداوە و تەنانەت ڕۆژهەڵاتناسی نەسڕانی ئەڵمانی بە ناوبانگ (گۆتە) ستایشی زۆری جلال الدین و مەسنەویەکەی دەکات و کارل برۆکڵمان یش بە هەمان شێوە.

خودی جلال الدین پێشەکیەکی بە عەرەبی بۆ مەسنەوییەکی خۆی نووسیوە تێیدا وتوویەتی ئەم شیعرانە ئیلهامی خوایە بۆ من و دەربارەی وتوویەتی: (لا یاتیه الباطل من بین یدیه ولا من خلفه) هەروەها دەربارەی مەسنەوی وتوویەتی : (هو خیرا حافظا وهو أرحم الراحمین) .ئینجا وتوویەتی اللە نازناوی تری داناوە بۆ ئەم کتێبەم بەڵام وتوویەتی من لێرەدا هەر ئەوەندە باس دەکەم.

هەندێ لە ڕاڤەکارانی مەسنەویش وەکو (عبد الغني النابلسي) بەراوردیان لە نێوان قورئان و مەسنەویدا کردووەو بۆیان دەرکەوتووە کە هەردوکیان پارێزراون!

هەروەها ملا جامی بە (قرآن الفارسية) ناوی بردووە! بەڵکو دەگێڕنەوە مەلا جامی کاتێك دەچیتە قۆنیە و نەوەکانی جەلال دەبینێ و کاتی نوێژ دێت مەلا جامی پێش دەخەن ئەویش لە ڕکاتی یەکەم ئەم بەیتە شیعرەی مەسنەوی دەخوێنیتەوە:(أتدری ما فعلت بفؤادي الجريح أتدري؟ أريتني محياك فعدت اعبد النار). لە ڕکاتی دووەمیشدا دوو بەیتی تری خوێند دوایی پێیان وتووە نوێژەکە بەو شێوە درووستە ئەویش وتوویەتی: ئەگەر پێش نوێژ وەکو من بێت و مەئموم وەکو فلانە کەس بێت ناوی موریدێکی جەلالی بردووە لەو حاڵەتە دروستە.

لە قەسیدەیەکی مەسنەویدا هاتووە بە ناونیشاني: لا تنء عني دەڵێت:

(مسلم أنا ولكن نصراني ، وبرهمی و زرادشتي ، توكلت عليك أيها الحق الأعلى ، فلا تنء عني فلا تنء عنى ، ليس لي سوى معبد واحد ، مسجدا أو كنيسة أو بيت أصنام ، ووجهك الكريم فيه غاية نعمتي ، فلا تنء عني فلا تنء عني) ئەمەش کوت و مت لە سێ دێڕ شیعری( ابن عربي) وەریگرتووە.

بە بەردەوامی لە مەسنەویدا ئەوەی دووبارە دەبێتەوە کە هەموو پەرستراوێك حەقەو عەیبی نییە، ئەمەش هەمان باوەڕی ابن عربي و حلاج ە.

هەروەها لە مەسنەویدا جەلال دەڵێت بەلای ئەوینداران و عارفانەوە فیرعەون ئیمانداره‌و لە لوتفی پەروەردگار بێ بەش نیە، بەڵام ئەوە ئەهلي زاهیرن پێیان وایە کە

فیرعەون مەحرومە. دەڵێت: ناحەقیشیان ناگرێت چونکە ئەوان بە ڕواڵەت تەماشای دەقەکان دەکەن.هەر بۆیە (عبد الغني النابلسي) کە موریدێکی دێوانەی جەلالەدینی ڕۆمیە فیرعەون بە شەهیدی دەریا (شهيد البحر) ناو دەبات.

–لە مەسنەویدا زۆر جار بەراورد لە نێوان قورئان و مەسنەویدا دەکرێت.

-لە مەسنەویدا زۆر جار شتی وا باس دەکرێت لە دینی ئیسلامدا بە هەموو شێوەیەك جێگای نکۆڵی ورەتکردنەوەیە.

–لە مەسنەویدا موسی علیه السلام و فیرعەون یەك حیسابیان بۆ کراوە.

–لە مەسنەویدا عاشقەکان یەك میللەتن و بران سەرەڕای جیاوازی دینەکانیان.

–لە مەسنەویدا بە بێ هیچ شەرمێك باسی (جماع الأطفال) دەکرێت سەیریش لەو هەموو نووسەر و عاریف و مەلایانەیە کە نکۆڵی لەو باسە دوور لە ڕەوشتەکانی ڕۆمی ناکەن و لێی بی دەنگن.

لە مەسنەویدا پاساو بۆ إتحاد و حلول و قەرامیتەکان وهەرچی گومڕاو ناحەزانی دینی الله تعالی هەیە دەست دەکەوێت.

–لە مەسنەویدا بەردەوام جەلال بەزیی بە ئەهلی شەریعەتدا دێتەوە کە لە دین تێنەگەیشتوون چونکە بە ڕواڵەت و زاهیری قورئان و سوننەت بۆ بابەتەکان دەچن! قورئان بەلای جەلالی ڕۆمی و ابن عەرەبی و حەللاج و قەرامیتەکان و گومڕاکانی تر جگە لە واتا زاهیرەکانی واتای تری هەیە تەنها ئەهلی حەقیقەت لێی تیدەگەن، بەڵام

خەڵکە داماوەکە تەنها لە زاهیرەکەی تێدەگەن کە ئەوەیان مەبەست نییە لە قورئاندا!

–لە مەسنەویدا مارەبڕینی ئافرەتی داوێن پیس هیچ گرفتێکی تێدا نیە.

–لە مەسنەویدا بە بێ هیچ کینایەو شەرمێك باسی ئەندامی شەرمی مرۆڤەکان دەکرێت، عەجەب بۆ ئەهلی عیرفانیش کە بەسەر ئەو باسە ناشیرین و دوور لە ڕەوشتانەدا تێدەپەڕن و نکۆڵی لێ ناکەن.

–لە مەسنەویدا کڕنوش بردن زۆر ئاساییە بۆ مرۆڤەکان ئیتر چی موسوڵمان بێت یان بێ دین بێت ، لە ڕاستیدا ئەو خودایەی لە مەسنەویدا باس دەکرێت، هەرگیز ئەو پەروەردگارە نییە کە لە قورئان و سوننەتدا باسکراوە وجیاوازە!

–لە مەسنەویدا باسی مەریەم علیها السلام هاتووە چۆن بە ڕووتی مەلە دەکات بێ ئەوەی هیچ شەرم و ئابڕوویەکی تێدا ڕەچاو بکات.

–لە مەسنەویدا پێویستە عەقڵ وشەرم ومەنتیق هاوڕێت نەبن لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکە ، یان ئەوەی بەردەوام خۆت بە چەکی تەئویل و تەفسیری باطني خۆت بە هێز بکەیت ، بەردەوام بڵێت ئەمە مەبەستی خراپ نییە و عیرفانەو، ئەوە مەبەستی تری هەیە لە قسەکەی!! ئەگینا بەرگەی خوێندنی ئەو کتیبە ناگریت و وەکو من کە ئەمانەی باسم کرد لە مەسنەویدا خوێندوومەتەوە ئەوپەری حەسرەت دەردەبڕێت کە بۆچی زانایان وەکو پێویست وریاییان لەم کانگا پڕ لە پێچەوانەی دینی الله نەداوە ، بەڵکو جارجارە لە ڕوانگەیەکی دیاریکراویشەوە ستایشیان کردووە و خۆم گوێم لێ

بووه مامۆستای ناودار كه سۆفیش نییه، لەسەر مینبەرەوە ستایشی ئەو کتێبەی بۆ موسوڵمانان کردووه، جا ئەگەر زانیبێتی وەی و کورد واتەنی نەشیزانیبێت هەر وەی.

مەسنەوی لە زۆربەی ولاتانی دونیا و بەزۆرێك لە زمانەکانی جیهان چاپ کراوەو بڵاو بووەتەوە.

بۆ نووسینی ئەم بابەتە بۆ چەندین سەرچاوە گەڕاومەتەوە لە دیارترینیان کتیبەکەی الأفلاکی مێژوو نووس دەربارەی جەلالی ڕۆمی و هەروها کتێبی (أخبار جلال الدين الرومي ) أبو الفضل القونوي.



چەند نموونەیەك لە قەسیدەکانی

# جلال الدين الرومي

# چەند نموونەیەك لە قەسیدەكانی جلال الدين الرومي

لە دیوانی مەسنەویدا کە بە لای موریدانی جەلالی ڕۆمی و زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی لای خۆمان بە کتێبێکی پڕ لە عیرفان و عیشقی ئیلاهی !! دەناسێنرێت ، ئەم چەند دێڕە شیعرە هاتووە، کە ئەمە تەنها نموونەیەکە و دەیان و بگرە سدان قەسیدەی لەو شێوەی تێدایە، دەڵێت:

انظر إلى العِمامَة أُحكِمُها فوق رأسي

بل انظر إلى زنار زرادشت حول خصري

فلا تنأ عني لا تنأ عني

مسلم أنا ولكني نصراني وبرهمي وزرادشتي

توكلت عليك أيها الحق الأعلى

ليس لي سوى معبد واحد

مسجداً أو كنيسة أو بيت أصنام

ووجهك الكريم فيه غاية نعمني

فلا تنأ عني لا تنأ عني!!

واتە: بڕوانە مێزەری سەرم چۆن دەبەستم

بەڵکو بڕوانە پشتوێنی زەردەشتەکان چۆن لە دەوری کەمەرم جێگیر دەکەم

بۆیە لێم دوور مەکەوە لێم دوور مەکەوە

پشتم بە تۆ بەستووە ئەی حەقی بڵند

من نیمە جگە لە پەرستگایەك

مزگەوت بێت یان کڵێسا و ویان جێگای بت پەرستن

ڕووی گەشاوەت لە نێویدا ئەوپەڕی نیعمەتە بۆ من

بۆیە دەڵێم: لێم دوور مەکەوە لیم دوور مەکەوە.

هەر لە مەسنەویدا جەلالی ڕۆمی دەربارەی ئافرەت دەڵێت:

( إن المرأة ليست بمعشوقة ؛ بل هي نور الحق ، فقل : إنها خالقة ، أو قل : إنها مخلوقة ) !!! ( المثنوي ) 1 / 304. واتە ئافرەت هەر ئەوە نییە مەعشوق و خۆشەویست بێت، بەڵکو ڕوناکی حەقە، تۆ بلێ پەروەردگارە، یان بلێ درووستکراوە!

جەلالی جیاوازی لە نێوان بەندەو پەروەردگاردا ناکات لە مەسنەویدا، ئەوەش هۆکاری ئەوەیە سەجدەیان بۆ یەکتر بردووە چونکە ئەو دەڵێت بەندە بوونی نییە ئەگەر سەجدەشی بۆ ببەیت بۆ پەروەردگار سەجدەت بردووە، هەر بۆیە لە شیعرێکیدا بە فارسی شەمسی تەبرێزی هاورێی بە خودا وەسف دەکات و دەڵێت:

شمس من وخداي من

عمر من وبقاي من

ازتو بحق رسيده ام

أي حق حق كذار من) واته: ئەی خۆری من ئەی پەروەردگاری من، ئەی تەمەن و مانەوەی من، بە بە حەق (واتە لەڕێگەی پەروەردگارەوە) بە تۆ گەیشتم وتۆیش ئەو حەقەی کە بەحەقت گەیاندم (واتە بە پەروەردگارت گەیاندم)

لە مەسنەویدا شیعری دژوار لەگەڵ ڕەوشت و شەرم وبگرە فیترەتدا گەلێك زۆرە، سەرم سوڕماوە لەوانەی کە بە جەلالی ڕۆمی سەرسامن چۆن لە ڕوویان دیت باسی مەسنەوی دکەن کە بۆ نموونە وداوای لێبوردنیش دەکەم کە ئەم شیعرەی لێرەدا باس دەکەم بەڵام بۆ ئەوەی حەقیقەتی ئەو رۆمییە بزانن چییە، دەڵێت:

( قال السيد الأجلّ لدلقاق : مالك قد تزوجت بقحبة ؟ اسمع نصحي أترك تلك القحبة , ينبغي أن تنكح عفيفة شريفة . فقال دلقاق : قد تزوجت بتسع من العفيفات الصالحات فصرن جميعا من البغايا وعم الحزن بدني , فتزوجت هذه العاهرة الساذجة وسأنظر ما يؤول إليه أمرها , إنني كثيرا ما جربت العقل , وإني بعدُ لملتمسا مغرسا للجنون ) بەرگی 2 لاپەڕە 2333. بە کورتی هانی هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی لەشفرۆش دەدات ودەڵێت ئافرەتی بەڕەوشت سوودی نییە. نجيب محفوظ یش لە ڕۆمانی الحرافيش دا تێبینییم کردووە ئەو فیکرەی لە ڕۆمییەوە وەرگرتووە کاتێك باسی کەسایەتیی عاشور و کوڕەکانی دەکات.

له لاپەڕە 3430 له مەسنەویدا بەبێ هیچ شەرمێك باسی جیماعی منداڵان دەكات و ئەو وشە قێزەونە دەكات بە نموونە ودەڵێت:(أيها الفتى ! إعلم أن الشهوة التي ينكب الناس عليها في هذه الدنيا ، إنما هي كجماع الأطفال!! وما جماع الأطفال؟ إنه لعب، إذا قيس بجماع رستم أو غيره من الأبطال)

ئەڵبەتە جگە لە مەسنەوی كە لێوان لێوە لە لادانی بیروباوەڕ و لە گومڕایی، كتێبەكانی تریشی هەروایە، لە كتێبی (فیه ما فیه) لە لاپڕە 75 دا دەلێت: (يحكى أن الحق تعالي قال ياعبدي سأقضي لك حاجتك سريعاً عند الدعاء والأنين ولكن صوت أنينك يحلو لي وتتأخر الإجابة كي تئن كثيراً لأن صوت أنينك يطربني ) دەڵێت الله بەو بەندەی كە دوعا دەكات دەڵێت عەبدەكەم داواكەت جێبەجێ دەكەم بەڵام دەنگی گریان و نوزەت زۆر خۆشە بەلامەوە دەنگی گریانت شادمان وخۆشحالم دەكات. (تعالی الله عما يقول).

ئەوانەی كە لە كوردستاندا ستایشی جەلالی ڕۆمی دەكەن وبە شەیخێكی عاریف و عابیدی دەزانن! هەموو ئەمانەیان زۆر بەزیادەوە خوێندووەتەوە و پاساو بۆ سەرلەبەری دەهێننەوە، دەلێن ئەمانە هیچی مەبەستی ئەوە نییە كە بۆی ئەچن و بەعەقڵی خۆیان و بە پێی عەقیدە لاروخوارەكەی جەلالی ڕۆمی هەمووی پینە دەكەن وتۆیش كە بە قورئان و سونەت ڕەددی بدەیتەوە قەرزاربارت دەكەن ودەلێن تۆ

ناتوانیت لەو عیرفانانە تێبگەیت! ئاخر ئەمە چۆن عیرفانێکە لە قورئان و سوننەت دوورت بخاتەوە کە ئێمە لەسەر بنەمای ئەو دوو سەرچاوەیە موسوڵمانین.

یا ڕەبی  ئەگەر ئەمە عیرفان بێت، تەواوی ئوممەتی موحەممەد صلی الله علیه وسلم لەو عیرفانە بە دوور بگریت وبیانپارێزیت لەو گومڕاییە.



# شەمسی تەبرێزی

ناوی( شمس الدين التبريزي محمد بن ملك داد التبريزي ) يە ، لە تەبرێز لە ساڵی 582 ی کۆچی بەرانبەر 1185میلادی لە دایکبووە ، شاعیرێکی فارسیە بە قوتب و سۆفی گەورەو عاریف و خاوەنی عیشقی ئیلاهی! دەناسرێت ، مامۆستای ڕۆحی و هاوڕێی گیان بە گیانی جلال الدين الرومی بووە ،کە توانی گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانی جەلالدا درووست بکات لە زانایەکی ئاساییەوە بیکات بە شاعیر و سۆفیەکی خاوەن تەریقەت وبەناوبانگ.

هەر لە تەمەنی دە ساڵانەوە – وەکو دەگێڕنەوە – خەوی زۆر دەبینی ،بەڵام باوکی باوەڕی پێ نەدەکرد ، بۆیە ماڵی بە جێهێشت و دەڵێن هەرگیز زیاتر لە شەوێك لە جێگەیەکدا نەدەمایەوە و هەردەم جێگای دەگۆڕی ، ئەو دەیوت لە خەوەکانیدا پەروەردگار و مەلائیتەکان دەبینێ ، پارەی بۆ بژێوی خۆیشی بە لێکدانەوەی خەونەکان و خوێندنەوەی ناو لەپ بۆ خەڵکی پەیدا دەکرد ، لە لای خەڵکی بە دێوانەو شێت دەناسرا.

بە شێوەیەکی گشتی ژیاننامەی شەمسی تەبرێزی ناڕوونی زۆری تێدایە، بەڵام ئەوانەی ژیاننامەکەیان باس کردووە وتوویانە کە ئەو بە لێکدانەوەو تەفسیرکردنی خەوی خەڵکی وخوێندنەوەی هێڵەکانی ناولەپیان بژێوی خۆی بەڕێوە دەبرد.

شێخ إحسان إلهي ظهير بە ڕەحمەت بێت لە کتێبی (دراسات في التصوف)لاپەڕە 95 لە ڕێگەی الجامي ئەوەی گێڕاوەتەوە کە شەمسی تەبرێزی بە سێ مانگ دەچووە ناو خەڵوەت و دەرنەدەچوو.

هەندێکی تریش دەڵێن تەبرێزی لە گەشتەکانیدا کەسایەتی خۆی دەشاردەوەو زۆر جار خۆی وەکو کاسبێکی دەستگێڕ دەردەخست و سەبەتەی دەفرۆشت و هەندێ جاریش منداڵانی فێری قورئان خوێندن دەکرد. لە گەشتە بەردەوامەکانیدا گەیشتە شاری قۆنیە و لەوێ لە گەڵ جلال الدین ی ڕۆمیدا یەکتریان ناسی و چەند ساڵێك پێکەوە بوون ، بۆ ماوەی چل ڕۆژ پێکەوە چوونە خەڵوەتگا و لە ئەنجامدا چل بنەمایان بۆ عیشقی ئیلاهی! درووست کرد ، کە بێگومان سەرلەبەری بەڵگەی شەرعی لەسەر نییە وکۆمەڵێك لادان و ئینحیرافاتی بیروباوەڕە.

دواتر لە بارودۆخێکی تەمومژاویدا شەمس بەرەو دیمەشق هەڵهات، لەوانەشە هۆکاری سەغڵەت بوونی ئەوە بێت کە شوێنکەوتوانی جەلالی ڕۆمی هەستیان دەکرد شەمسی تەبرێزی مامۆستاکەیانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و کاتی ئەوەی نەماوە بایەخ بە موریدانی خۆی بدات، پاش ماوەیەك بە هەوڵی جەلالی ڕۆمی و ناردنی کوڕەکەی بە دوایدا بۆ دیمەشق دیسان گەڕایەوە بۆ قۆنیە وپێشوازییەکی شکۆداریان بۆ ئامادەکرد ، بەڵام دواجار لەوێ هەندێ لە نەیارەکانی لە ساڵی 645 ی کۆچی بەرانبەر 1248ی میلادی بە کوشتن کۆتاییان بە ژیانی شەمسی تەبرێزی هێنا وگۆڕەکەی ئێستا لە شاری (خوی) ئێرانە و پێشنیاز کراوە بکرێتە یەکێك لە شوێنەوارە کلتوریە جیهانیەکان ی سەر بە یونسکۆ.

وەکو باسمان کرد شەمس هەر لە سەرەتای ژیانیەوە کەسێکی ئاسایی نەبوو ، کاتێك مامۆستا بوو لە (أرضروم) بە شێوەیەکی درندانە لە خوێندکارەکانی دەدا و خوێن بە دەست و قاچیاندا دەهاتە خوارەوە وەکو الأفلاکی لە کتێبی (مناقب العارفین) دا دەگێڕێتەوە ، هەروەها لە زانستی کیمیا – نەك بە واتای کیمیای ئەم سەردەمەی خۆمان – بە ڵکو زیاتر بە واتای سیحرو جادوو کردن شتی سەیرو سەمەرەی لێ بەدیدەکرا.

لە هەردووکیانەوە قسەو باس و بانگەشەی گەورە دەربارەی توانایان و پەیوەندییان بە خواو تایبەتمەندییان لە مەسەلەی دینداری زۆر شتی سەیر ودوور لە شەرع دەگێڕنەوە ، کە هەندێکیان الأفلاکی مێژوونوس و سپهسالاری مێژوونووس باسیان کردووە ، لەوانە شەمس دەیوت ئەگەر جنێو بە کافرێك بدەم سەدساڵ کافر بووبێت دەبێتە ئیماندار ، ئەگەر جنیویش بە ئیماندارێك بدەم دەبێتە ئەولیا و دەچێتە بەهەشتەوە ، کەسێکیش لێی پرسی ئیبلیس کێیە؟ پێی وت تۆ ئیبلیسی! ..ئەگەر پرسیارت بکردایە جیبریل کێیە دەموت تۆ جیبریل ی ! بێگومان ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە ئەو باوەڕی بە بیرۆکەی (وحدة الوجود )ی گومڕا بووە کە پێی وایە لە بوونەوەردا ئەوەی وجودی هەبێت تەنها اللە یە بۆیە هەموو گیانلەبەر و مرۆڤەکانیش هەر ڕەنگدانەوەی اللە ن و وجودی ڕاستەقینەیان نییە.

هەروەها دیوت: مورید لە سێ ڕێگەوە دەگاتە لامان: بە مال و حاڵ و ابتهال! واتە: بە پارەو حاڵ و پاڕانەوە! هەروەها دەیوت: تاکو کەی تەنها باسی ئایەت و فەرموودە دەکەن و دڵتان لە پەروەردگارەوە شت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناگێڕێتەوە!

الأفلاكی دەگێڕێتەوە جارێکیان شەمس سەماعی دەکرد واتە: گوێی لە گۆرانی دەگرت ،کەسێك وتی بڕوانە دەروێشەو گوێ لە مۆسیقا دەگرێت! شەمس وتی: دەك نەبینیت و نەبیسیت! ئیتر ئەویش دەست بە جێ کوێرو کەڕ بوو ! چەندیش تکایان کرد بێ سوود بوو کە لێی خۆش بێت ! جارێکی تریش لە کەسێکی تر تورە بوو ئەویش کوێرو کەڕ بوو ، بەڵام دواتر لێی خۆش بوو و چاك بوویەوە!

شەمسی تەبرێزی دەربارەی جەلالی ڕۆمی دەیوت: هەرکێ دەیەوێت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ببینێت با تەماشای جەلال بکات، بەهەشت لە ڕازیبوونی ئەودایەو دۆزەخ لە تووڕەبوویدایە ، هەورەها دەیوت: سەرگەورەمان جەلال کلیلی بەهەشتە! ئەمە چەند بەسەر هاتێکی کەم بوو لەوانەی لە مەناقیبی شەمس باسکراوە کە دەشێت بۆ باسکردن ئەگەرچی لە گەڵ بنەماکانی شەریعەتتدا ناکۆکن، هاوکات لەلایەکی تریشەوە زۆر هەواڵی تر دەگێڕنەوە دەربارەی پەیوەندی ئەو بە ئافرەت و منداڵی جوان و گەنجی موو لێنەهاتوو و عارەق و تلیاك خواردن..هەرگیز شیاوی باس کردن نین خوێنەر خۆی دەتوانیت لە هەواڵەکانی الأفلاكی و سپهسالارو کتێبە کەی أبو الفضل القونوي (أخبار جلال الدين الرومي) خۆی بیانخوێنێتەوە.

بۆیە کاتێك جەلالی ڕۆمی کوڕە تازە پێگەیشتووەکەی خۆی بە شەمسی تەبرێزی پێشکەشکرد کە لەوانەیە بۆ خزمەتکردنی بووبێت، لە نێو خەڵکیدا لە قۆنیە وتی وتی پەیدا بوو، بۆیە جەلال ناچار بوو گومانی خراپ لە کوڕەکەی دوور بخاتەوەو بڵێت: بەهادینی کوڕم هەرگیز نە حەشیشە دەخوات و نە کاری قەومی لوط ئەنجام دەدات!

شەمس کێشەیەکی گەورەی تری هەبوو ئەویش ئەوە بوو بە کرێگرتەی مەغۆلەکان بوو ، ئەڵبەتە جەلالی ڕۆمیش هەمان ئەم سیفەتەی هەبوو و هەردوکیان پەیوەندی بەهێزیان لە گەڵ داگیرکەرانی مەغۆلدا هەبوو، بۆیە خەڵکێکی زۆر بە تایبەتی دانیشتوانی قۆنیە ڕقیان لێ بوو ، بە پێی ئەوەی مێژوونووسە تورکەکان ئاماژەیان پێکردووەو نووسەری کتیبی (أخبار جلال الدين الرومي) دەیگێڕێتەوە کوڕێکی جەلال لە گەڵ خەڵکی قۆنیە بەشدار بوون لە کوشتنی شەمسی تەبرێزیدا، هەندێکیش پییان وایە وەکو بە ئەفسانەکردنی کوشتنەکەی کە ئەو دیار نەماوەو چووە بۆ شاری (خوی) و هەر لەوێش مردووەو نێژراوە!

لە پاش کوژرانی شەمس ئیتر جەلالی رۆمی کەوتە خراپترین بارودۆخەوەو بەردەوام دەهات و دەڕۆیشت وئارامی لێ براِبوو، دواتر مێزەرێکی خاکی ، یان وەکو ڕەنگی دووکەڵی پێچایە سەری و جۆرە جل و بەرگێکی تایبەتی پۆشی تا کۆتایی تەمەنی.بڕوانە :

-(أخبار جلال الدين الرومي) أبو الفضل القونوي.(

-(الموقف من جلال الرومي وشمس التبريزي)سایتی الاسلام سؤال وجواب، - (ماهي أقوال أهل العلم فى جلال الرومي) ملتقى أهل الحديث.

- (مشاهير شعراء الشيعة) کە لە نێو سەرچاوەکانی سایتی وێکبیدیا باسکراوە. .

# عەلائی کوڕی جەلالی رۆمی
# وەکو یەکێك لە بکوژەکانی
# شەمسی تەبریزی



# عەلائی کوڕی جەلالی رۆمی وەکو یەکێك لە بکوژەکانی شەمسی تەبرێزی

ئەوانەی شەمسی تەبرێزییان کوشت ، کۆمەڵێك بوون ، ئەگەر چی هەندێ پێیان وایە حەوت کەس بوون، بەڵام وا دیارە زۆر لەو ژمارە زۆرتر بوون ، لە کتێبەکانی مێژوودا زۆر هۆکاری جیاواز دەربارەی کوژرانی شەمسی تەبرێزی باس کراوە، یەکێك لەوانە ئیرەیی بردنی هەندێ لە موریدە توندڕەوەکانی جەلال بووە بە شەمسی تەبرێزی کە هەموو کاتەکانی شەیخەکەیانی بۆ خۆی داگیر کردبوو، چونکە جەلال زۆر وابەستەی شەمسی تەبرێزی بووە !

سەبارەت بە علاءالدین ی کوڕی جەلالی ڕۆمی، ئەو لە زانایانی شەریعەت بوو، واتە لەسەر مەزهەبی باوکی نەبووە وسۆفی نەبووە.

دەشوترێت هۆکاری کوژرانی شەمس ئەوە بووە جەلالی ڕۆمی کچێکی بە ناوی (کیمیا) لە شەمس مارە کردووە کە ئەو کچە دەستگیرانی عەلائی کوڕی بووە، واتە دەوترێت گوایە هۆکاری بەشداری کردنی علاء لەو کوشتنەدا ئەوە بووو.

بەڵکو شیاوترین هۆکار – وەکو أبو (الفضل القونوي) لە کتێبەکەیدا دەربارەی جەلالی ڕۆمی دەڵێت- ئەوەیە شەمس تۆمەتی بە کرێگرتەیی بۆ مەغۆلەکانی دەدرایە پاڵ وبەپیاوی ئەوان دەژمێردرا، کەواتە بەو پێیەش بێت هۆکاری کوژرانی شەمس هۆکارێکی عەقیدەیی و سیاسی بووە لە هەمان کاتدا ، هەر لەو ماوەیەشدا چەندین کەسایەتی

تریش کوژرابوون لە دیمەشق و شوێنەکانی تر بە هەمان تۆمەتی یارمەتیدانی داگیرکەران.

جارێکیان شەمسی تەبرێزی لە گەڵ جەلالی ڕۆمی لە خەڵوەتدا بوون، لەو کاتەدا کەسێك هات و بانگی شەمسی کرد ، ئەویش داوای مۆڵەتی لە جەلال کرد و دەرچوو لە گەڵیدا و لە دەرەوە کۆمەڵە خەڵکێکی لێ پەیدا بوون و بە چەقۆ کوشتیان، ئەویش هاوارێکی زۆر گەورەی کرد، ئینجا دەڵێن بکوژەکانی لاشەکەیان فڕێداوەتە نێو بیرێکەوە.

بکوژەکانی شەمس لەلایەن (الأفلاکي ) مێژوونووسەوە بە (طلاب الشریعة )واتە خوێندکارانی شەریعەت ناوبراون، بە واتایەکی تر: سەربە تەریقەت و سۆفییەکان نەبوونە و دژ بە داگیرکەرە مەغۆلە کانیش بوونە.

پاش ئەوەی زانرا کە علاء الدین ی کوڕی جەلالی ڕۆمی یەکێك بووە لە بکوژەکانی شەمسی تەبرێزی، ئیتر دەڤەرەکەی بۆ یەکجاری بەجێهێشت و بەرەوە (قیرشهر) کۆچی کرد، جەلالی باوکیشی دواتر هەر نامەی بۆ دەنارد و مەبەستی بوو بیگەڕێنێتەوە و تەنانەت جارێکیان لە نامەیەکدا بۆی نووسیبوو کە شەمسی لەخەودا بینیوەو لە علاءالدین خۆشبووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك قەناعەتی بە قسەکانی باوکی نەکرد و جارێکی تر نەگەڕایەوە قۆنیە.

ئەوەی لیرەدا مەبەستمانە تیشکی بخەینەسەر ئەوەیە کە عەلائی کوڕی جەلالی ڕۆمی یەکێك بووە لە بکوژەکانی شەمسی تەبرێزی و ئەمەش زۆر واتا و ڕەهەند لە خۆی دەگرێت.

کاتێکیش دواتر علاء الدین لە یەکێك لەشەڕەکانی دژ بە مەغۆلەکاندا دەکوژرێت، جەلالی باوکی نوێژ لەسەر تەرمەکەی ناکات، واش دەرناکەوێت وەکو أبو الفضل القونوي لە مێژوونوسێکی تورکی بەناوی میکاییل بایرام دەگێڕێتەوە کە هۆکاری نوێژ نەکردنی جەلال لەسەر تەرمی عەلادینی کوڕی ئەوە بێت کە یەکێك بووە لە بکوژەکانی شەمس، بەبەڵگەی ئەوەی چەندین نامەی بۆ دەنارد کە داوای گەڕانەوەی لێ دەکرد و دەیوت شەمس لە خەویدا لێی خۆشبووە.

بەڵکو هۆکاری ڕاستەقینە ئەوە بووە کە جەلالی ڕۆمی کوڕەکەی خۆی بە کەسێکی باغی و دەرچوو لە فەرمانی مەغۆلەکان هەژمارکردووە، بۆیە بە کارێکی شەرعی نەزانیوە نوێژی لەسەر بکات،



## تەریقەتی (المولویة)ی

# جلال الدین الرومي

# تەریقەتی (المولوية)ی جلال الدين الرومي

ئەو تەریقەتەیە کە جلال الدين الرومی دايمەزراند لە دەورەبەری ساڵی 672 ی کۆچی لە تەریقەتەکانی تر بەوە جیا دەبێتەوە کە لە کاتی زیکرکردندا زۆر گرنگی بە سەماکردن و مۆسیقا ژەنین دەدات ، بە شێوەیەکی بازنەیی بە دەوری شێخەکەیاندا کە لەناوەڕاستیاندا دەبێت دەخولێنەوە , بە بەزۆری شمشاڵ و دەف و قانون بە کاردەهێنن وەکو ڕێگەیەك بۆ پەیوەست بوون بە پەروەردگارەوە.

ئەم حاڵەتەی کە باس کرا پێی دەوترێت (سماع)، ئەو تەکیەش کە تێیدا کۆدەبنەوەو شیعرەکانی جەلال و شاعیرانی تری سۆفی لە گەڵ سەما و خولانەوەو و مۆسیقا لیدان تێدا دەوترێتەوە پێی دەوتریت(سمعخانە).

دەوڵەتی عوسمانی هەمیشە پشتگیری ئەم تەریقەتەو جەماعەتی جەلالی ڕۆمی کردووە وبەتایبەتی لە پاش ئەوەی ژن وژنخوازییان لە نێواندا درووست بوو، چونکە سوڵتان بایەزیدی عوسمانی کچەزایەکی (سلطان ولد)ی کوڕی جەلالەدینی ڕۆمی مارەکرد، هەر لەو ڕێگەشەوە زۆریك لە نەوەکانی جەلالی ڕۆمی خاوەن پێگەو مەنسەب بوون لە دەوڵەتی عوسمانیدا و لە هەموو لایەکی ئەو دەوڵەتە تەکیەی شوێنکەوتوانی ڕۆمی کە بە مەولەوی دەناسران بوونی هەبوو، تاکو ئەو کاتەی کە ئەتاتۆرك هەموو دیاردە ئایینیەکانی عوسمانییەکانی لابرد.

تەریقەتی (المولوية) لە بنچینەدا بە یەکێك لە بەشەکانی تەریقەتی قادری دادەنرێت. بەوەش دەناسران کە زۆر نەرم و گونجاون لە گەڵ دینەکانی تردا و جیاوازی ناکەن لە

نێوان ئیسلام و دینەکانی تردا ، لەم بارەشەوە قسە زۆر لە شەیخی تەریقەتەکە دەگێڕدرێتەوە کە جیاوازی لە نێوان ئیسلام و دینەکانی تردا نەکردووە. (پێویستە لێرەشدا ئەوە بوترێت کە شێخ عبالقادر الكيلاني بە رەحمەت بێت فەقیهێکی سەر بە مەزهەبی أحمد بە حنبل بووە بە ڕەحمەت بێت و کەسێکی خاوەن عەقیدەو بیروباوەڕێکی پاك بووە، بەڵام زۆر بیروباوەڕو شتی پێچەوانە تەوحیدی دەدرێتە پاڵ کە ئەو لێی بەرییە).

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تەریقەتی المولوية ئەوەیە زۆر لێکتێگەیشتن و لێبوردەییان لەگەڵ دینەکانی تردا هەیە، کە ئەوەش ڕەنگدانەوەیە بۆ بیروباوەڕی (وحدة الوجود)ی ابن عربي کە جەلالی ڕۆمی باوەڕی پێی هەبوو و جیاوازی لە نێوان شوێنکەوتووی ئایینەکاندا نەدەکرد. بەڵام سەیر ئەوەیە بە پێچەوانەی تەریقەتە سۆفییەکان بە شێوەیەکی گشتی شوێنکەوتوانی جەلالی ڕۆمی سەرەڕای ئەو لێبوردەییە زۆرەیاندا لەگەڵ دینەکانی تردا ، پێناچێت پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ شیعەدا هەبێت، چونکە لەبەر باوەڕ نەبوونی شوێنکەوتوانی تەریقەتی مەولەوی بە دەرکەوتنی مەهدی و کۆمەڵێکی تر لە بیروباوەڕەکانی شیعە، ئەوان لە شوێنکەوتووانی ئەم تەریقەتە بەگلەیین و زۆر جار مامۆستاکانیان بەرپەرچیان دەدەنەوە.

شوێنکەوتوانی ئەم تەریقەتە تاکو ئێستاش لە تورکیا و سوریا میسر وئەڵمانیا و هەندێ شوێنی تر بە کەمی هەر بوونیان هەیە، بە مەولەوی و لە هەندێ وڵاتی وەکو میسریش بە جەلالیەکان دەناسرێن، بەڵام لە بازنەیەکی تەسکدا خۆیان دەبیننەوە.

حوکمی گێڕانەوەی وتە باشەکانی

# جلال الدين الرومي



# حوكمی گێڕانەوەی وتە باشەكانی جلال الدين الرومي

وەكو لە پێناسەكەيدا باسمان كرد، جلال الدين الرومي بە تەواوی لەسەر عەقيدەو بيروباوەڕی (ابن عربي) بووە كە ئەو خاوەنی بيرۆكەی (وحدة الوجود)بووە و لە هەموو گەردووندا ئيمانی وا بووە كە تەنها الله بوونی هەيە و جگە لە ئەو بوونيان لە بوونی پەروەردگار وەردەگرن و بۆيە دەكرێت بە هەموو شتێك بوترێت پەروەردگار وپەرستراو!

جەلالی ڕۆمی وئەوانەی شوێنيان كەوتووە پێيان وايە الله و سروشت يەك شتن والله لەناو سروشت و لە بوونەوەردا ڕەنگيداوەتەوە لە هەموو درووستكراوێكدا وجودی هەيە (والعياذ بالله)، بۆيە لە جياتي (لا إله إلا الله) جەلالی ڕۆمی باوەڕی بە (لا موجود إلا الله) بووە و هەرچی بوونەوەريشە لەبەر ئەوەی درووستكراوی كردگارن، كەواتە خۆيان لە خۆياندا هيچ نين و ڕەنگداوەی بەديهێنەرەكەيانن و ئەگەر كەسێك ئەوان بپرستێت كەواتە الله ی پەرستووە، ئا لێرەشەوە هەموو دينەكانيشيان قبوڵ بوو و ئەوانيان بەڕاست دەزانی.

هەروەها جەلالی ڕۆمی فيرعەونيش بە ئيماندار دەزانێت و زۆر كارەساتی تر لە عەقيدەيدا هەيە ، بۆ نموونە هيچ تاوانێك بە تاوان نازانێت و بە پێی ئەو فەلسەفە گومڕايەی خۆيان قێزەونترين تاوانەكانيان ئەنجام داوە و هەندێ جار لەو كتێبانەی موريدەكانيان لە مەناقيبی ئەواندا دەينووسن ئەجامدانی ئەوان بۆ ئەو تاوانانە نەك تەنها بە بە بێ شەرمی دەيگێڕنەوە، بەڵكو بگرە بە شانازيشەوە وەكو كەراماتيش باسی

دەکەن کە ئەوە نهێنییەکی تێدایە و یان دەڵێن ئەو تەکلیفی لەسەر لاچووەو بێ حیکمەت نییە کە تاوان ئەنجام دەدات!

بەڵام جەلالی ڕۆمی جگە لەو باسانەی کە بەتەواوی هاوڕای ابن عربي و گومراکانی تری وەکو الحلاج و ابن عربي وگومڕاکانی ترە، لەلایەکی ترەوە قسەی تری هەیە لە گەڵ قورئان و فەرموودەدا دەگونجێن ، یان شیعر و هۆنراوەی هەیە مەعناکانی ئاساییـن، ئەگەر تەنها ئەوانە بخوێنیتەوەو ئاگاداری کارەساتەکانی تری نەبیت لە عەقیدەکەیدا ڕەنگە بەزانایەکی بزانیت و قسەکەی تا ڕادەیەك مەقبول و وەرگیراو بێت! جا پرسیارەکە ئەوەیە:

ئایا جائیزە ئەو قسانە باس بکەین و بیگێڕینەوە کە لەگەڵ قورئان و سوننەتدا یەکدەگرنەوە و لەڕووی شەرعەوە پەسەندن؟

وەڵامەکەش ئەوەیە ئەگەر بلێین گێڕانەوەی قسەی باش و بەسوود لە بنچینەدا بێگومان درووستە وکارێکی چاکەیە، بەڵام ئەگەر لە ڕێگەی کەسێکی ئەهلی بیدەع و گومڕا و لادەرەوە بێت لەو حاڵەتەدا درووست نییە، چونکە ئەوە جۆرێك لە تێکگیران و گرفت وناڕوونی لە دیدی خەڵکیدا بەرانبەر ئەو کەسە درووست دەکات ئەگەر بوترێت درووست قسە باشەکانی جەلال ڕیوایەت بکرێت، لەو حاڵەتەدا ڕەنگە وایان لێ بکات قسە خراپەکانیشی لەگەڵ قسە چاکەکانیدا وەربگرن؟

ئینجا کەسێك وەکو جەلالی ڕۆمی بەو شێوە وێڵ بێت و لە بواری عەقیدەدا کە بنچینە و بنەمای دینی موسوڵمانە بەو شێوە گومرا بووبێت، دەبێت بەچ پاساوێك

موسوڵمان دڵی بیهێێت و بە درووستی بزانێت قسەی کەسێکی وا بگێرێتەوە کەبێگومان دەبێتە جۆرێك لە خۆڵ لە چاوکردنی موسوڵمانان و سەر لێشێواندنیان.
بەداخەوە زۆرێك لەوانەیە قەولی جەلالی ڕۆمی لە قسەکانیاندا دەهێننەوە و رەحمەتی بۆ دەنێرن، زۆر جار بە هۆکاری نەناسینیانە بۆ جەلالی ڕۆمی و هەندێ جاریش چاك دەیناسن و دەشزانن چ گومڕایەکە، بەلام بەهۆکاری ئەوە ئەو کارە دەکەن خۆیان لە تۆمەتی توندڕەوی و زۆر بایەخدان بە عەقیدە وتەوحید پاك بکەنەوە، چونکە جەلالی ڕۆمی لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە نەتەوە یەکگرتووەکان و تەنانەت ئەکتەرەکانی هۆلیوود و گۆرانبیژە بەناوبانگەکانی ڕۆژئاوایش کەسایەتییەکی بەرێزو پەسەندە و بێگومان ئەوەش تەنها لەبەر یەك هۆکارە ئەویش ئەوەیە کە لە عەقیدەو بیروباوەڕی ئیسلام لایداوە و نەسرانییەت و یەهودییەت بە دینێکی ڕاست و حەق دەزانێت.
بۆیە بەمەبەست دەچن ستایشی جەلالی ڕۆمی دەکەن و بە عاریف و ئەولیا باسی دەکەن، لە کاتێکدا خۆیان چاك دەزانن لە درێژایی مێژوودا گەورە زانایان ئەویان هەر بە موسوڵمانیش نەزانیوە.
بەداخەوە زۆرێك لە ئیسلامییەکان و بانگخوازە مۆدێرنەکان کە شەیدای فراوانبوونی جەماوەر و زۆربوونی لایك و کۆمێنتن، جگە لەوەی ستایش کردنیان بۆ جەلالی ڕۆمی جۆرێکە لە پاکانە کردن بۆ خۆیان کە چەند میانڕەون و چەند لە توندڕەوی وباسکردنی تەوحید و عەقیدە دوورن، بەڵام هاوکات ئەوەشیان کردووەتە هۆکارێك بۆ نزیکبوونەوە لە عەلمانییەکان و لە هەموو چینەکانی خەڵکی بۆ بەدەست هێنانی هەندێ بەرژەوەندی کە ئەوەش بەرژەوەندی نییە بەڵکو ئینحیراف و لادانێکە لە

بیروباوەڕی ئیسلام وەکو کارکردن بۆ پەیدا کردنی دەنگ و بەدەست هێنانی کورسی، بەڵام سبحان الله نە ئەو تەنازولە و نەسەدان تەنازولی تر کە لە عەقیدەکەیاندا ئەنجامی دەدەن، نەبووەتە هۆی فراونبوونی جەماوەریان و بگرە عەلمانییەکانیش بە هیچ شێوەیەك بەو ئەندازە لە تەنازول ودابەزینی ئەوان لێیان ڕازی نابن و بەردەوام داوای تەنازولی زیاتر و زۆرتریان لێ دەکەن و ئەوانیش بە گوێرەی توانا دڵیان ناشکێنن کەچی هەر لە پاشەکشەدان

زانا بەڕێزەکانی سەلەفی ئەم ئوممەتە بەهیچ شیوەیەك قسەیان لە ئەهلی بیدەع وەرنەدەگرت و ڕقیان لێیان بوو و ئەوەیان بە دین دەزانی، بەڵکو سەلامیشیان لێ نەدەکردن و وەڵامی سەلامیشیان نەدەدانەوە، أحمد بن حنبل بە ڕەحمەت بێت دەیفەرموو: "إذا سلّم الرجل على المبتدع فهو يحبه\"، (طبقات الحنابلة (196/1) واتە سەلامکردن لە ئەهلی بیدەع بۆ نموونە ئەوانەی کە دەیانوت قورئان مەخلوقە بە جۆرێك لە خۆشەویستی ئەوان دەزانی، بۆیە ئامادە نەبوو قسە لەگەڵ داود الظاهري بكات کە داود بەراورد بە جەلالی ڕۆمی- کورد واتەنی - بە حەوت ئاو شۆراوەتەوە . بەڵکو سەلەف باوەڕیان وابوو ئەهلی بیدەع دەبێت شەرمەزار بکرێن ودوور بخرێنەوەو هاوڕێتی نەکرێن وەکو لە کتێبی ( عقيدة السلف وأصحاب الحديث (لاپەڕە: 123.

ئەگەر بمانەوێت بەڵگە لەسەر ئەوە بهێنینەوە کە درووست نییە قسەی کەسێکی لادەر و ئەهلی بیدەع بگێڕدرێتەوە با قسەکەشی باشیش بێت ئەوە باسەکە زۆر درێژ دەبێتەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە جەلالی ڕۆمی لە هەموو گومڕاکانی سەرەتای مێژووی

ئیسلام خراپترە وەکو مەعبەدی جوهەنی و جەهمی کوڕی سەفوان و جەعدی کوڕی دیرهەم و سەرانی موعتەزیلە وگومڕاکانی دوای ئەوانیش، چونکە جگە لە گومڕایی و لادانەکانی ئەوان چەندینی تری لە خۆیدا بەرجەستە کردووە کە تەنانەت لەوانیشدا نەبووە.

لە راستیدا بەهیچ شێوەیەك گومڕا ناودار وگەورەکانی سەرەتای مێژووی ئیسلام، خراپە ولادانیان نەگەیشتووە بەو ئاستەی هەم لە ئیمان و تەوحید و بە موسوڵمان تەماشاکردنی هەموو بێباوەڕان و کڕنوش بردن بۆ مرۆڤەکان و هەم لە ڕووی ڕەوشت وئاکارەوە بەو شێوە وەکو جەلالی ڕۆمی تێبکەون. بۆیە گێڕانەوەی قەولی جەلای ڕۆمی لە مەسنەوی یان لە (فیه ما فیه) و کتێبەکانی تردا، یان قسەی شەمسی تەبرێزی و هەر موبتەدیعێکی تر لە عەقیدەدا، بەهیچ شێوەیەك درووست نییە مەگەر بۆ وریاکردنەوەی خەڵکی بیت لەو لادان و ئینحیرافانەی لە بیروباوەڕی ئەو و هاوشێوەکانیدا هەبووە، یان بۆ بەرپەرچدانەوەی و دەرخستنی حەقیقەتی ئەوان بیت، بەڵام گێڕانەوەی قسەیەکی باشی کە لەگەڵ قورئان و سوننەتیشدا بگونجێت خراپەی لە باشەی زۆرترە و موسوڵمان دەبێت زانستی شەرعی لە ئەهلی خۆی وەربگرێت نەك لە گومڕاکان.

کۆتــایی

Ihsanburhan